کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
26-10-2007 17:48بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**هەبوو نەبوو (نامەیەک بۆ زۆردارەکان) ... بەندی عەلی**

ئێوە خۆتان لەسەرابی
خەوە خواوەندیەکانا مەلەدەکەن
دەنا ئێمە چ پێویستمان
بەشۆڕەسواری سەر ئەسپە
باڵدارەکەی خەیاڵتانە
ئێوە خۆتان لەدوریانی
ترسناکی ئایندەیا قەتیسماون
ئەمرۆ ئەڕۆن یاسبەینێ
دەنا ئێمە چ پێویستمان بەشەو پاسی
سەگە هیچ و پوچەکانی بەرماڵتانە
ئەم قۆزاخە ئاوریشمیەی
خۆتانی تیا حەشار ئەدەن هێندە نەرمە
بەرگەی گڕی خۆسوتانی
مۆمی ئەم مێژووە ناگرێ
ئێوە دالْغە فیرعەونیەکان لێ ئەدەن و
خۆتان بەکوڕی پیرۆزی خوا ئەزانن
بەڵام بێ شک ڕۆژانێ دێ
ئەڵێن گوایە زەمانی زوو
دێوەزمەیەک لەدایک بوو
وای ئەزانی تاسەر ئەژی و
قەت نامرێ..
وای ئەزانی هیچ گەردنێ
بەرگەی تەوری ئەم ناگرێ
ئەڵێن گوایە چنگی مێژوو
ڕۆژێ یەخەی ئەویشی گرت
ئەویشی کرد بەداستان و بەڕۆمان و
بەرابردوو..
ئەڵێن گوایە، هەبوو نەبوو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.